لیوا ئیسوور: هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بووتە فاکتەری ناسەقامگیری و عێراقی بە ناو ملمانێکان هاکشاوە



وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، لیوا یەحیا ڕەسوور، ئەمڕۆ پێنجشەممە، جەختیکردەوە کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بووتە فاکتەری ناسەقامگیری بۆ عێراق، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق، هەوڵی زیاتر بدات بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکی ئەم هاوپەیمانییە.

لیوا یەحیا ڕەسوور وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە ڕاگەیندراوەکدا باوبکردەوە" هێزەکانی ئەمریکا دووبارە و بە شێوەیەکی نا بەرپرسانە هەموو ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی لێکتێگەیشتنەکان و دەستپێکردنی گفتوگۆی دوو قۆڵی، هەستان بە ئەنجامدانی پرسیەکی تیرۆرکردنی هوون و ئاشکرا، لە ڕێگەی هێرشکی ئاسمانییەوە لە ناوەڕاستی گەڕەکەکی نیشتجێبوون لە بەغدادی پایتەخت. بە بە گوێدانە ژیانی هاوڵاتیان مەدەنی و یاسا نێودەوڵەتییەکان".

ناوبراو وتیشی ئەمەش هێرشە لە ئاشتی مەدەنی و پێشێلکردنی سەروەری عێراق دەکات و ژیانی هاوڵاتیانی گەلەکەمان دەخاتە مەترسییەوە، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئەو هێکار و مەبەستانە تەدەپەڕێنێت کە لە پێناویدا بوونی هەیە لەسەر خاکەکەمان.

لیوا ڕەسول وتیشی "ئەم ڕێچکەیە لە هەموو کاتێك زیاتر پاڵ بە حکومەتی عێراقەوە دەنێت بۆ کۆتایی هێنان بە ئەرکی ئەم هاوپەیمانێتییە، کە بووتە فاکتەرێکی ناسەقامگیری بۆ عێراق و هێرشە دژکات بۆ

هاکشانی عێراق بۆ ناو بازنەی ململانێکان و هێزە چەکدارەکانمان دەتوانن تەنها ئەرك و هاسپاردە دەستوورییەکانیان جێبەجێ بکەن کە پێیوستە بە پاراستنی ئاسایشی عێراقییەکان و خاکی عێراق لە هەموو هەڕەشەکان"، لە کۆتایی راگەیندراوەکە درود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئیم هەرشە و هەموو شەهیدانی عێراق نارد.